# ئيقامةي دايمي تة نا وةلآمة بة نارِةزايةتيةكانمان!

لە بەرەنجامی هەوڵە بەردەوامەکانی ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج و چەندین ڕێکخراوی ئینسانذۆست و بەرگریکەر لە مافەکانی پەنابەران و بەشێك لە ئەحزابەکانی ناو پەرلەمان و کۆمۆنەکان و دووای ئەوەی کەلەم دووابیانەدا بە تەواوەتی پەردە لەسەر هەموو سیاسەتە ڕاست و دژە پەنابەریەکانی ئارنا سولبێرگ هەڵماڵرا، وەزارەتی شارەوانیەکان ناچار بە دەرکردنی بڕیارێکی تایبەت بە کوردەکان و عێراقیەکان کرا.
لەو بڕیارەی دەوڵەتدا هاتووە: ئەوانەی کە پێیان دەووترێت MUF بۆ ماوەی یەك ساڵی تر ئیقامەکانیان بۆ تازەدەکرێتەوە. ئەوعێراقیانەشی کە دووا ڕەفزیان وەرگرتووە دەبێت بچن لە بەرنامەی بەناو "ئازادانە"ی ئەواندا خۆیان ناونووس بکەن بۆ گەڕانەوە ئەگەر بیانەوێت ئیقامەی کاتی کارکردنیان پێبدرێت. ئەمە وەك سیاسەت هەمان سیاسەتی پێشووی دەوڵەتەو تەنها لە چاوەڕوانیدا هێشتنەوەی پەنابەرانە لە بەرامبەر ئایندەی نادیاری عێراق دا. ئەم دەوڵەتە زیاتر لە 5 ساڵە بە هەمان سیاسەتی دژە ئینسانی مامەڵە لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا دەکات و چاوەڕوانی و دڵە ڕاوکێی کردۆتە بەشێك لە ژیانیان. بەم بڕیارەی جارێکی تر ماڤی یەکگرتنەوەیانی لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیاندا ڕەوانەی ئایندەیەکی نادیارکردو لەم وولاتەشدا لەکەمترین ماف و بیمەی کۆمەڵایەتی بەهرەمەند دەبن و تەنها ئەوەندەیە کە مانەوەی فیزیکیان وەك مانگێك بەر لە ئێستا لەبەردەم هەڕەشەدا نیە.
ئێمە وەك ڕێکخراو سەرەڕای ئەوەی پاشەکشە پێکردنی دەوڵەت و سەپاندنی ئەم بڕیارە تازەیە بە سەریدا بە هەنگاوێکی گرنگ دەزانین، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێن کە ئەمە نەك چارەسەری کێشەکە نیە بەڵکو مانەوەیەتی لەهەمان چوارچێوەی پێشووی خۆیدا. ئێمە وەك ڕێکخراو، وەك هەمیشەو بەپشت بەستوویی بە ڕیزی یەکگرتووی پەنابەران لەمەیداندایین تا بەتەواوەتی پاشەکشە بەم سیاسەتەی دەوڵەت دەکەین و ماڤی مانەوە کە مافێکی سەرتایی هەر پەنابەرێکە دەستەبەردەکەین. بۆیە دەبێت پەنابەران بەم چارەسەر کاتیە ڕازی نەبن و لەمەیداندا بن لە پشت ڕێکخراوی خۆیانەوە تا بەدەستهێنانی هەموو مافەکانیان.

## ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج

24.10.04

وێنەی بۆ /

وەزارەتی شارەوانیەکان

هەموو میدیاکان

هەموو حیزبە سیاسیەکان

هەموو ڕێکخراوە ئینسانیەکان


**IKAF**

**Postboks: 8926 Youngstorget**

**0028 Oslo**

**ikafn@yahoo.com E-post:**

**Tlf.: 91114116 97626166**